کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:59 17-6-2007

## مەسەلەی لێبوردن ... پرۆفیسۆر. دکتۆر: ئەمین ئشک ... و. دانا فەیزوڵڵا

دادپەروەری، ئازادیی، ڕێز، بەزەیی، ڕاستگۆیی، وەفا، دۆستایەتی و لێبوردەیی، ئەمانە ئەو بەهایانەن کە مرۆڤ لە گیانەوەرەکانی دیکە جوێ دەکاتەوە و، تایبەتمەندی مرۆبوونی پێ دەبەخشێ، ئەم وەسف و پەسنانە لە لای چ کەسێك بەشێوەیەکی باشتر ئامادەیی هەبێت، ئەوا ئەو کەسە زیاتر و باشتر مرۆڤە، ئەمە ڕاستییەکە کە هەموو کەسێك توانا و ئامادەییەکی هاوبەشیان نییە لە مرۆڤبووندا، ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نییە کە بە ڕەگەز مرۆڤن و بە خوڕەوشت شتێکی دیکە، هەموو شتێك لە ناوازەبوون و کەم بوونیدا نرخ و بەها بەدەست دێنێت.

لەم دوو سەدەیەی دواییدا بە هەموو لایەکی دونیادا دەنگەکانی خوازیاری ئازادی بەرزبوونەوە و، ستەم زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی پەرێشان کردبوو، مەحرومی کردبوون لە ئازادییەکانیان، هەر بۆیە مرۆڤەکان دەستیان کردە فەریاد و هاوار بۆ ئازادی.

ئێستایش دەنگەکانی خوازیاری لێبوردەیی بەرز دەبێتەوە و خەریکە دەبێتە کێشە و مەسەلەیەك هەموو کەسێك چاوەڕوانی لێبوردن دەکات لە یەکدی، بەڵام کەس دەستپێشخەری ناکات کە خۆی لێبوردە بێت، ئەمە لە نیشانەکانی کۆمەڵگەیەکە کە لێبوردەیی تیایدا ونە.

پێویستە هەموو لایەك بیر لە بنەوان و هۆکارەکانی ئەم مەسەلەیە بکەینەوە، لێبوردەیی چییی؟ چۆن بەدەست دێنرێت؟ لێبوردەیی چ بەرەنجامێکی دەبێ لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە؟ ئێمە بۆچی وەکو باووباپیرانمانا لێبوردە نین لەناو خۆماندا؟ لێبوردەیی کە لای باوانمان پێی دەوتری (موسامەحە) لە نەبینینی هەڵەکانی یەکیدەوە دێت لێك تێگەیشتنێکی بەپەلە و ڕووخۆشی دڵفراوانەیە.

بۆ ئەوەی لێبوردەبین، پێویستمان بە ئازادیی هەیە، ئەوانەی پێشێل دەکرێن ناتوانن لێبوردەبن.

لە مەجلیسێکا بابایەکی بەکتاشت منی لەسەر کورسی دانا و خۆی لەسەر زەوی دانیشت منیش لەئاست ئەم ڕێزەدا توامەوە، وتم: (داوای لێبوردن دەکەم، ئێوە لەسەر زەوی دانیشتن)، ئەویش وتی: (داوای لێبوردنی ناوی، چونکە هەڵە ئەمەیە کە هەڵە ببینی) .

(سەعدی شیرازیش) دەڵێت: (ئەو چاوەی بەدوای عەیبدا دەگەڕێت، هونەر نابینێ) .

خۆشبینی بۆشبینی نییە، لێبوردەیی، بێباکی نییە بەڵکو بریتیە لەوەی کە لە ئاست ڕووداوێکی نەویستراو و ناخۆشدا لەجێی عەیبدارکردن و نارەزایی کاردانەوەی ئیجابی و نەرمیان هەبێت، لە بنەڕەتدا لێبوردەیی میتۆدێکی پەروەردەییە بە ئاراستەی دڵبردنەوە و چاکسازیدا. لێبوردەیی یەکێکە لە پایە هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانی بەکۆمەڵ و، کاری میللی، کە ناکرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت.

لێبوردەیی، لێك تێگەیشتن و هاوبەشی کردنە.

ئەگەر لە ئاست منداڵێکی بزێو و هار و هاجدا بە خۆشەویستی و دەموچاوێکی خەندانەوە نزیك ببیتەوە بە نەرم و نیانی پێی بڵێیت: (من تۆم وەکو پیاوێکی تێر و تەواو دەبینی، ئەمە هیچ لەتۆ نایەت) ئەوا بە مانای ئەوە دێت کە تۆ بە لێبوردەیی و دڵفراوانیەوە مامەڵەت کردووە، بەڵام ئەگەر تورەبن و ئازاری بدەن و یەك دوو زلەیشی لێ بدەن ئەوا بزێوتر و سورتری دەکەن لەسەر کارەکەی، لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر منداڵانی (4-5) ساڵان ئەنجامدراوە، ئەم ڕاستیانەی خستەروو:

ئەم منداڵانەی کە لە خێزانێکدا پەروەردە بوون، کە توندوتیژی خێزانی تێدایە لە وەڵامی پرسیاری: (بە لای تۆوە خودا چییە؟) دەڵێن: (خودا دۆزەخی هەیە، مرۆڤی تیا دەسوتێنێت)، لە کاتێکدا ئەو منداڵانەی کە لە خێزانێکی پڕ خۆشەویستی و لێبوردنەوە هاتوون، لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێن: (خودا ئێمەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دروستکردووە، ئەو ئێمەی خۆش دەوێت، نیعمەتمان پێ دەبەخشێت، خودا بەهەشتی هەیە، کە مردین ئێمە دەڕۆین بۆ ئەوێ) .
دۆستێکی پارێزەرم بۆی گێڕامەوە منیش وەك خۆی دەیخەمەڕوو:
لە دواناوەندی (گەلاتەسەرای) خوێندکار بووم، کە وانەکەمان تەواوبوو گفتوگۆیەکی بەهێز لەنێوان سێ – چوارێکماندا دروستبوو، من کۆکیم و ویستم تفەکەم بخەمە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، بەڵام فریا نەکەوتم و تفەکەم کەوتە سەر زەوی، مامۆستای ئەدەبیاتمان کە لەوبەرەوە تەماشای گفتوگۆکەمانی دەکرد، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەنگاوی نا بەرەو لای ئێمە لە باخەڵیدا دەسڕێکی دەرهێنا و، تفەکەی سڕیەوە و دەسەسڕەکەی خستە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، تەنانەت بەبێ ئەوەی تەماشای دەموچاویشم بکات، ڕۆیشت، لە ئاست ئەم کارە مەزنەی مامۆستاکەمدا دەمویست ببمە قەترەیەك ئاو و بچم بەناخی زەویدا، خۆزگە ئازاری بدامایە، یەك دوو شەقازلەی لێدامایە، ئیدی بۆ خۆی سزاکەم وەردەگرت و ئارامم دەگرت، بەڵام ئێستا چەندە تف بکەم، ئەم ڕەفتارە جوانەی مامۆستاکەم دێتەوە پێش چاو) .
نموونەیەکی دیکەی لێبردەیی، موفتی ماراش:
مامۆستا (عەلی ئەفەندی) ڕەمەتی، لە ژوری موفتی مزگەوتی (ئولوجامی) دا لەگەڵ چەند دۆستێکیدا خەریکی قسەکردن دەبێت، کە بانگ دەفەرمووێت ئەویش دەڵێت با من بچم دەستنوێژێکم تازە بکەمەوە، بۆیە سەعات و چاویلکە و تەسبیحەکەی لەوێدا بەجێدێڵێت، کە دەستنوێژ دەگرێت و دێتەوە، تەماشای دەکات کە لەسەر مێزکە تەنها چاویلکەکەی ماوە و کەسیش لەوێ نەماوە و هەمووی ڕۆیشتوونەتە مزگەوتەوە.
مامۆستا هەرچەند دەیهێنێ و دەیبات تەنها شکی لە یەك کەس دەبێت، بۆیە لە دوای نوێژەکە یەکێك لە دۆستە زەرەنگرەکانی بانگ دەکات و پێی دەڵێ: (ئەمڕۆ فلان کەس دێتە لات، تەسبیح و سەعاتەکە دەفرۆشێت، هەردووکیشیان لای من زۆر بەنرخن، بۆیە ئەم پارەیە بگرە، ئەگەر هات تەسبیح و سەعاتەکەی لێ بکڕە) .
هەروەك چۆن مامۆستا بیری لێ کردبووەوە ئاوها دەرچوو پاش ئەوەی کە تەسبیح و سەعاتەکەیان بۆ هێنایەوە پێی دەڵێن: (با بڕۆین لای پۆلیس شکاتی لێ بکەین) ئەویش ڕێیان لێ دەگرێت و دەڵێت: (نەخێر، من دڵنیام کە ئەو پیاوە دزی نەکردووە، بەڵکو هەر ئەوەندەیە کە ڕووی قەرزکردنی نەبووە و پەنای بردۆتە بەر ئەم ڕێیە، بەڵام تکایە با کەس بەمە نەزانێت و لەبیری خۆتانی بەرنەوە) .
کاتی خۆی (هارونە ڕەشید) لە یەهودیەك توڕەدەبێت، هەر بۆیە بڕیار دەدات کە لە بەغدادا غەیرە موسڵمان کێ هەیە، هەموویان دووربخرێنەوە، کە (بالول) ی دانا ئەم هەواڵە دەبیستێت، ئیمامەتی نوێژی مەغریب دەکات و سورەتی فاتیحە دەخوێنێت و دەڵێت: (الحمد لله رب المسلمين) خەلیفە دەیەوێت بۆی ڕاست بکاتەوە، بەڵام (بالول) بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی بەو شێوەیە، کە خەلیفە جارێکی تر ویستی ڕاستی بکاتەوە (بالول) لە نیوەی نوێژدا نوێژەکەی بڕی و لای کردەوە بەلای خەلیفەدا و پێی وت: (باشە کە تۆ دەزانی خوا پەروەردگاری هەموانە، ئیتر بۆچی غەیرە موسڵمانان لە زێدی خۆیان دەردەکەیت) .
سەرچاوەی لێبوردەیی چییە؟، ئەم خەسڵەتە لە مرۆڤدا چۆن دێتەکایەوە؟.
لێبوردەیی نە لە ئاسمانەوە دادەبارێت و نە بە زەویشدا دەچێت، سەرچاوە و چاوگەکەی بیر و باوەڕە دینییەکانە بەو حوکمەی کە بەهایەکی کۆمەڵایەتییە، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێی پەروەردەکردنەوە بیکاتە خەسڵەت و مەلەکە لەخۆیدا، بێگومان کە پاڵەوانانی ئەم بوارە بە درێژایی مێژوو لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەیامبەران و پیاوچاکانن، ئێمە تاوان دەکەین و ئەوانیش داوای لێخۆشبوونمان بۆ دەکەن: پەروەدگارا! ئەوانە وەك پێویست تۆ ناناسن، بە گەورەیی خۆت لێیان خۆشبە..

رۆژێکیان (زەونونی میسری) لەگەڵ قوتابیەکانیدا بە رێگادا دەڕوات، لە کەنارێکدا کۆمەڵێك گەنج دەبینێت، کە خەریکی خواردنەوە و سەما و زوڕنان، یەکێك لە قوتابیەکانی زەونون دەڵێت: (گەورەم بۆ دوعایەك ناکەی ئالەم خوا نەناسانە، هەتا خوا غەزەبیان لێ بگرێت؟) .

زەنونیش دەڵێت: (دەی باشە با بیکەین، ئێوەش بڵێن ئامین) .

زەنون روودەکاتە قیبلە و دەڵێت: (پەروەدگارا! تۆ خۆت دونیای ئەم گەنجانەت دروستکردووە، دەی هەر ئاوایش قیامەتێکی ئاوایان بە نسیب بکە) .

یەکێك لە گەنجەکان بەمەی زانی و هاتە خزمەتی زەنون و کە لە حاڵەکە گەیشت، رێکردەوە بۆ لای هاورێکانی و پێی وتن کە دوعایەکی ئاوایان بۆ کراوە، ئەوانیش هەموو تەوبەیان کرد و گەڕانەوە.

لە رۆژی فەتحی مەککەدا پەیامبەری ئازیزیمان ئاوای وت بە دوژمنەکانی: (ئێوە ئێمەتان بە تینوییەتی و برسێتی بەجێهێشت، دەستتان گرت بەسەر ماڵ و موڵکماندا، ئێمەتان ناچارکرد کە مەککە بەجێ بهێڵین، دەی ئێستا ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن لە من؟) . ئەوانیش هەموو لە شەرمەزاریدا سەریان نەویکردبوو، پەیامبەر وتەکانی بەمە کۆتایی هێنا: (ئەمڕۆ لێپرسینەوە لە کارەکانی رابردووتان ناکرێت، بڕۆن، هەمووتان ئازادن) .

مەولانا (جەلالەدینی رۆمی) کە قەشەکان سەلامیان لێ دەکرد و خۆیان دادەنەواندەوە ئەم زیاتر لەوان دادەنەویەوە.

بەڵێ لێبوردەیی بەلای ئەوانەوە بریتی نەبوو لە حەز و ویستێکی تایبەتی، بەڵکو بنەما و پایەێکی باوەڕان بوو، هەر بۆیە (یونس عەمرە) یەکێك لە پیاوە مەزنەکانی ولاتی دڵ دەڵێت: (دروستکراویشمان خۆش دەوێت بەهۆی دروست کەرەوە) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.